# گۆرانییەک بۆ جوانی

رەفیق سابیر

بە سەرسوڕمانێکی منداڵانەوە دەست لە بەیان دەدەم
بۆنی گزنگ و شینایی دەکەم
لە گەڵا و خوناو ڕادەمێنم ئەو کاتانەی ڕووناکی هەڵدەمژن
بە هەڵپەوە ڕەنگە پڕژاوەکان دەچنمەوە
وەک منداڵێک هاوار دەکەم:
بدرەوشێوە ئەی جوانی!

2
هێشتا چاوە خەواڵووەکانت شوێنەواری خەونێکیان پێوە دیارە
پرچی شەوینت وەک قەرسیل بۆنی گڵ و نم و هەتاو
بە ناو بەیاندا پەخش دەکات
پەنجە خەواڵووەکانیشت یاری بە ڕووناکی دەکەن
تاریکی لە سەر دڵم دادەماڵن و
ڕووت و سەرسام لە ڕووی خۆمدا ڕام دەگرن.

3
هەر بەو دەستانەی لە هەورم دەخشاند
بەرد و ڕەگەکانم بێدار دەکردنەوە.
هەر بەو دەستانەی پاشەڕۆژی خۆم وەک گوڵ پێ بەخشیت
لە ڕووی هەر شتێک ، لە ڕووی هەر کەسێک
بە غرورێکی منداڵانەوە پرۆتێستم دەنواند ،
بە ڕووی یەقیندا دەرگام دادەخت
بەسەر پێشبینی و بە ڕووی گوماندا
پەنجەرەی دڵم دەخستە سەر پشت
هەر بەو دەستانە لە کەلەپچەدا کلۆڵیم بینی
هاوڕێی دیلی بوو
لەسەر جەستەشت ، هەر بەو دەستانە ، بەختیاریم بینی
هاوڕێی جوانی بوو.

4

شەو لەسەر شەقامە باراناوییەکە ڕاکشاوە
تریفە بۆشاییەکان بە تریفە و درەوشانەوە پڕ دەکاتەوە،
منیش هێشتا ڕووت و سەرسام بۆنی گڵ و باران و
ڕەنگی ئێوارەم بەرنەداوە.
دەستەکانم بەر نهێنییەکی دی دەکەون
تەزوویەکی سارد بە جەستەمدا دێ و
لەبەر درەوشانەوەی شەودا هەڵدەلەرزم
بە ترسەوە بانگت دەکەم
تریفە و تاریکی وەک من دادەچڵەکێن
تەڕتر دەبم
لە ناو زرینگانەوەی شەودا
زایەڵەی تۆ دەبیستمەوە.

5

بە هەمان سەرسوڕمانی منداڵانەوە لەگەڵ باڵندە خەواڵووەکاندا
بەپیر بەیانەوە دەچم،
وەک پەپوولە پەلکەگوڵ و ئاونگ بۆن دەکەم ئەو ساتانەی
ڕووناکی هەڵدەمژن
بە هەمان لاساری و شەوقەوە ڕەنگەکان دەچنمەوە
شوێن بێداری دەکەوم تا بەرەو تۆم بێنێتەوە!
لە کۆچێکی دیکەدا منداڵانە بە یەکەمین ڕێبوار دەڵێم:
بەیانیت باش هاوڕێ میهرەبانەکەم!
لە بەردەم هەر بەیان و خۆرئاوابوونێکدا هاوار دەکەم:
تاکەی بە ئەفسوونت هەڵوەدا و
بە ڕازەکانت شەیدام دەکەیت
ئەی جوانی!